ئاسایشی هەولێر دەست بەسەر 10 هەزار دەنك و هەزار شیت حەبی ترامادۆڵدا دەگرێت

بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند، بازرگانێکی ماددەی هۆشبەر بە ناوی ئەژدیهای ترامادۆڵی دەستگیر کرد و لە شوێنی دەستگیرکردنیشی دەست بەسەر 10 هەزار دەنك و هەزار شیت حەبی ترامادۆڵدا گیراوە.

شەممە 3ـی ئایاری 2025، بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند، تۆمەتبارێک کە کڕین و فرۆشتنی بە ماددە هۆشبەرەکان دەکرد لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان دەستگیر کرا، هاوکات تۆمەتبارەکە ناوی خۆی ناوە "ئەژدیهای ترامادۆڵ".

ئاماژەشی داوە، تۆمەتبار بە فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر دەستگیر کراوە و لە کاتی دەستگیرکردنیشیدا دەست بەسەر 10 هەزار دەنك و هەزار شیت حەبی ترامادۆڵدا گیراوە کە ویستوویەتی لە هەولێر بازرگانی پێوە بکات و بیفرۆشێت.

ترامادۆڵ بە یەکێک لە کارتێکەرە عەقڵییەکان دادەنرێت و لە دەرمانخانەکانیش نابێت

بدرێتە هاووڵاتییان تەنیا لە ژێر ڕێنمایی دکتۆر نەبێت.

بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر هۆشداریشی داوە، هەر دەرمانخانەیەک بەبێ ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی و پزیشکی پسپۆڕ بیفرۆشێتە هاووڵاتییان لەپرسینەوەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت و دەست بەسەر دەرمان و کەلوپەلەکان دەگیرێت و تۆمەتبارەکەش دەستگیر دەکرێت.